هەرکەسێک پیاوێکی بیست پرسیار دەکات (بە دەنگێکی بەرز) سەبارەت بە شتێک وونی کردووە لە نێو مزگەوتدا؛ با پێی بڵێت: خوای گەورە بۆتی نەگەڕێنێتەوە؛ چونکە مزگەوت بۆ ئەمە دروست نەکراوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پیاوێکی بیست پرسیار دەکات (بە دەنگێکی بەرز) سەبارەت بە شتێک وونی کردووە لە نێو مزگەوتدا؛ با پێی بڵێت: خوای گەورە بۆتی نەگەڕێنێتەوە؛ چونکە مزگەوت بۆ ئەمە دروست نەکراوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک پرسیار دەکات (بە دەنگێکی بەرز) سەبارەت بە شتێک کە وونی کردووە لە پەز ومەڕوماڵات لە نێو مزگەوتدا؛ ئەوا دەبێت پێی بووترێت: (خوای گەورە بۆتی نەگەڕێنێتەوە؛ چونکە مزگەوت بۆ ئەمە دروست نەکراوە) یان (نەیدۆزیتەوە) -هەروەکو لە گێڕانەوەیەکدا- هاتووە، ئەمەش هەڕەشەکردن وئینکاری لێکردنیەتی چونکە مزگەوتەکانی بەمەزن دانەنا وڕێزی لێنەگرت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری ئەم نەهی کردنەی باسکردووە لە ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ شتە ونبووەکانی دەکات لە نێو مزگەوتدا، دەفەرموێت: (مزگەوتەکان بۆ ئەمە دروست نەکراون): واتا بۆ زیکر ویادی خوای گەورە ونوێژکردن وقورئان خوێندن وفێربوونی زانستی شەرعی دروستکراون، وکاتێک ئەم کەسە بەم شێوەیە لەنێو مزگەوتدا بانگی کرد بۆیە شتی گونجاوی لە شوێنی خۆی دانەنا بۆیە گونجاوە نزای لەسەر بکرێت بەوەی نەیدۆزێتەوە؛ ئەمیش وەکو سزایەک کە پێچەوانەی مەبەستیەتی و بۆئەوەی بترسێت ودوور بکەوێتەوە لەم کردەوەیە. ئەم فەرموودەیە لە ڕوانگەی فەرمان کردنە بە چاکە ونەهی کردنە لە خراپە، ودەبێت مەرجی خۆی بۆ دابنرێت، ئەگەر بەم شێوەیە نزای لێبکرێت و واز بهێنێت؛ ئەوا بەسە، بەڵام ئەگەر هەر دووبارەی کردەوە؛ ئەوا دەبێت دیسانەوە نزای لەسەر بکرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10890